# خەیاڵەکان

کامەران(کاوە)زەنگەنە
1978

تۆ ئەزانیت خەیاڵەکان
وەک باڵندەیەکی نامۆ
لەئاسمانی خۆشەویستیتا
فڕکەیانەو سەمادەکەن
هەوندێ جار
پەلی خۆزگەکانت دەگرن و
بەرەو ڕوخساری ماتەمم
کێشیان دەکەن !!
جار ناجاریش
دەتۆرێیت و
ئەوانیش ناچار، بەشەقەی باڵ
بەرەو کۆشکێکی پڕناز
بەڕێت دەکەن!
ئازیزەکەم
من ئێستاکەش،
تیری خۆشەویستیت لەکەوانی دڵداریما
چاوەڕوانە بۆ نوێترین جار
بەختی ئەوینم
بەرەو لای تۆ ڕاپێچ بکا!